| |
|---|
| قوتابی بەدرێژایی ئەم ساڵەی خوێندن دوو تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات ، یەك لە وەرزی یەکەم ، تاقیکردنەوەی دووەم لە وەرزی دووەم دەبێت ، هەریەك لە تاقیکردنەوەکان ١٥ نمرەی لەسەر دەبێت ، ١٠ نمرەش لەسەر چالاکی سیمینار یان پێشکەشکردنی باسێك دەبێت لەبارەی یەکێك لە بابەتەکانی وانەکە و ئامادەبوون و چالاکی ڕۆژانەی قوتابی دەبێت کە دەکاتە ٤٠ نمرە کۆتایی سالیش ٦٠ نمرەی لەسەرە کە دەکاتە ١٠٠. |
| **دەرئەنجامی فێربونی قوتابی:** ڕوونی ئامانجە سەرەکییەکانی بابەتی لێکسیکۆلۆجی بۆ قوتابیان وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بەهەندێکیان کرد، بەڵام یەکێك لەئامانجە هەرەسەرەکییەکان ناساندنی پێناسەی لێکسیکۆلۆجی، واتاسازی، فەرهەنگسازی، ئیدیەم،زاراوەسازی ، گۆرانی واتای وشە، ڕێگاکانی دروستبوونی وشە و زاراوە. |
| **لیستی سەرچاوەکان:**<br>١-ساکار انور حمید( ٢٠٠٩ )وشەخواستن لەزمانی کوردیدا ( لێکۆلینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجییە )،نامەی ماستەر ،هەولێر،.<br>٢-جمال نەبەز ( ٢٠٠٨ ) وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەم.<br>٣-ئەورەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٥ ) ، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.<br>٤- ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٠ )، بنج و بنەوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم،بەغدا.<br>٥-تابان محمد سعید حسن ( ٢٠٠٨ ) گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی.<br>٦- ڕۆژان نوری عبدالله ( ٢٠٠٧ )، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم ،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.<br>٧- ابراهیم السامرائی ( ١٩٩٧ ) الدخیل فی الفارسیە والعربیە والترکیە،معجم و دراسە، الطبعة الاولى، بیروت-لبنان.<br>٨-عبدالواحد مشیر ( ٢٠١١ ) لێکسیکۆلۆجی. هەولێر |

| ناوی مامۆستا | بابەتەکان |
|---|---|
| م. ی. ساکار انور حمید<br>یەکەی وانە : ٣ یەکە | هەفتەی یەکەم: چەمك و پێناسەی لێکسیکۆلۆجی ،ئەرکی لێکسیکۆلۆجی<br>هەفتەی دووەم: پەیوەندی نێوان لێکسیکۆلۆجی و وشەسازی<br>هەفتەی سێیەم: پەیوەندی نێوان لێکسیکۆلۆجی و فەرهەنگسازی، فەرهەنگی وشەیی – فەرهەنگی واتایی<br>هەفتەی چوارەم :بەشەکانی لێکسیکۆلۆجی : ١-ئیتیمۆلۆجی ٢-واتاسازی ٣-ئیدیەم |

